# شێوازەکانی وێنە لە رۆژنامەی خەبات ٢٠٠٥-٢٠٠٦
## ( توێژینەوەیەکی شیکاریی وەسفییە بۆ وێنەی رۆژنامەگەری لەرووی زمان و شێوەی خستنەڕوو )

د. ئاریـانا ئـیبراهـیم محەمەد
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی راگەیاندن

## پوختە

وێنەی رۆژنامەگەری لەلقە جیاوازەکانی دیکەی وێنەگری جیاکراوەتەوە و بە بەهایەکی بەرز سەیردەکرێت بەتایبەتی لەپاش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی زانیارییە خێراکان لەنێو بواری رۆژنامەگەرییدا کە لەچەند شێوازی جیاوازەوە دەردەکەوێت وەك لە (وێنەی دیکۆمێنتاری، وێنەی کۆمەڵایەتی، وێنەی شەقامەکان، وێنەی بۆنەکان)، بەتوانایەکی بەهێزەوە پانتایی لاپەڕەکانی رۆژنامەکان و گۆڤارەکانی داگیرکردووە. بابەتی رۆژنامەگەریش بابەتێکی ناتەواوە ئەگەر وێنەیەکی لەگەڵدا نەبێت و بەبابەتێکی ناکامل دەژمێردرێت، بۆیە بەکارهێنانی وێنە لەبواری رۆژنامەگەری کارێکی گرنگ و پێویستە کە پەیوەستە شێوازی جۆراوجۆرەوە، ئەویش بەپێی ناوەرۆکی بابەتەکە و گرنگی لەنێو بابەتەکە دەردەکەوێت. ئەمشێوازە جیاوازانەی بەکارهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری پەیوەستن بەجۆری خستنەڕوو و شێوەی دەرهێنانیان وتاچەند نزیکە لەبابەتەکە و رادەی کاریگەری لەسەر خوێنەر.

بەمشێوەیە ئەم توێژینەوەیە باس لەگرنگترین شیوازەکانی بەکارهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) لەرووی ناوەرۆك و روخسارەوە دەکات (زمان وشێوەی خستنەڕوو)، سەرەتا باس لەچەمك وپێناسەی وێنە دەکات لەگەڵ گرنگترین جۆرەکانی، پاشان گرنگترین شێوازەکانی دەرهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری دەخاتەڕوو، و بەهێنانی چەند نموونەیەکی وێنەی رۆژنامەگەریی لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) شێوازەکانی بەکارهێنانی وێنەکان شیدەکاتەوە، لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهێنراوەکان دەخاتەڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

## پێشەکی

جیهانی وێنە جیهانێکی زۆر فراوان و بەربڵاوە لەگشت ئاستەکان و لەنێو هەموو بوارەکاندا تێکەڵاو بووە، لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا وێنە توانی بەسەرکەوتویی جێگەی خۆی لەدووتوێدا بکاتەوە، و شوێن پەنجەی خۆی لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دیاربکات. وێنەی ڕۆژنامەگەری یان (فۆتۆجۆرنالیزم) بەشێکە لەکاری ڕۆژنامەگەری کە: کۆکردنەوە، نووسین، پێشکەشکردنی بابەتە هەواڵییەکان دەگرێتەوە، چونکە وێنە هاوکاری دروستکردنی شێوە واقیعیەکەی چیرۆکە هەواڵییە باسکراوەکەدا دەکات لەمێشکی خوێنەردا وگەیاندنی مەبەستی پەیامەکە بەدروستی بۆ خوێنەر. بێگومان وێنەکان بەزۆری وێنەی بێ جووڵەن و تاوەکو ئێستا وەکو خۆیان ماونەتەوە تەنها وەك وێنە، ئاماژە بەشتێك دەکەن و لەگەڵ بابەتە هەواڵییەکان پێشکەشدەکرێن ئەمە کارێکی ئاشکرا و دیارە، بەڵام لەهەندێ بابەتی دیکەدا چەمکەکە دەگۆڕێت ئاماژە بەوێنەیەکی جولاّو دەکات وەك (ڤیدیۆ) نیشان دەدرێت ئەویش لەکاتی بەکارهێنانیان لەڕۆژنامە پەخشکراوەکاندا وەك (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان)، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو وێنانەیە کە لەنێو ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهێنرێن. بێگومان ڕۆڵی هەرە گرنگی وێنەی ڕۆژنامەگەرییەکان لەوەدا دەردەکەوێت کاتێك کە وێنە ڕاستەقینە و واقیعی چیرۆکە ڕۆژنامەگەرییەکان وەکو خۆی بێدەستکاریەوە دەهێنرێنەپێشچاو، ئەمەش پەیوەستە بەجۆری پەیوەندیان بەبابەتەکەوە و ئاستی گرنگیان، واتە پەیوەستە بەچەند جۆرێکی تایبەت لەشێوازی پێشکەشکردنی وێنەکان کە لەڕێگای شێوازەکانی خستنەڕوو وبەکارهێنانیان دەردەکەوێت. بۆیە ئێمە بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (شێوازەکانی وێنە لەڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٠٥-٢٠٠٦) ئامادەبکەین و بیخەینە بەردەستی خوێنەرانەوە بۆ زیاتر سوود لێوەرگرتن و خستنەڕووی بایەخی وێنەی ڕۆژنامەگەری و شێوازەکانی دەرهێنانی لەجیهانی ڕۆژنامەگەرییدا.

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێشەکیەك کەدەستپێکی چوونە ناو بابەتەکە و گرنگترین تەوەرە باسکراوەکانی دەخاتەڕوو، پاشان توێژینەوەکە بەکورتەیەکی مێژوویی وناساندنی وێنە دەستپێدەکات کە تێگەیشتنێك بۆ چەمکی وێنە لەرووی واتا و زاراوەییەوە بەپێی ئەم تەوەرانە دەخاتەڕوو: (أ-چەمك و پێناسەی وێنە ب- سەرەتای بەکارهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری ج- ڕەنگی وێنەکانی ڕۆژنامەگەری د- سەرچاوەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری) تیایدا باس لەخاڵە گرنگەکانی هەریەکەیان دەکات، پاشان لەبابەتی دووەم: (جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری) تیشك خراوەتە سەر ئەم تەوەرانە: (یەکەم: وێنەی فۆتوگرافی، أ- لەرووی ناوەرۆك (بابەت)، ب- لەرووی شێوە (فۆرم)، دووەم: وێنەی دەستی، أ-جۆرەکانی وێنەی دەستی، ب-نموونەی وێنەی دەستی). تیایدا باس لەهەردوو جۆری وێنەی ڕۆژنامەگەری دەکات بەهێنانی چەند نموونەیەك بۆ هەر جۆرێك. دواتر لەبابەتی سێیەم: (شێوازەکانی دەرهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری) ئەم تەوەرانە تیایدا خراونەتەڕوو: (أ-دەرهێنانی وێنە، ب- هەنگاوەکانی دەرهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری، ج- شێوەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری)، تیشك خراوتە سەر شێوازەکانی دەرهێنانی وێنە و گرنگترین تایبەتمەندیەکانی. لەدوا بابەت شیکردنەوەی چەند نموونەیەك لەوێنەی ڕۆژنامەگەری کە لەڕۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) وەرگیراون، ئەنجامدراوە. کۆتایی بەگرنگترین ئەنجامە دەستکەوتووەکانی ئەم توێژینەوەیە ولیستی سەرچاوەکان دێت.

## یەکەم: چەمکی وێنە و کورتەیەکی مێژوویی

**أ- چەمك و پێناسەی وێنە:** وێنە فاکتەرێکی زیندوو و دینامیکی رۆژنامەگەریە و بەرەگەزێکی گرنگی توخمەکانی دیزاینی سەرەکی دەژمێردرێت، هەروەها وەك ئەلتەرناتیڤێك لەجیاتی بابەتەکە بەکارنایێت، بەڵکو بەفاکتەرێکی تەواوکاری دەق دادەنرێت، هەروها کارەکتەری زیندوویی و جوانی و کامڵبوونەوە بەبابەتە نووسراوەکە دەبەخشێت(١). واتە وێنەی رۆژنامەگەری بابەتێکی سەرەکی رۆژنامەگەرییە، جگە لەوەی وەك توخمێکی جوانکاری سەیردەکرێت تەنانەت بەتوخمێکی سەرەکی پیشەی رۆژنامەگەری دادەنرێت، کەلەرێگەیەوە دەربڕین لەبیروڕا وهەواڵ و بەسەرهاتەکان دەکات(٢). ئەمەش پەیوەستە بەبوونی کەسانی وێنەگری بەتواناو شارەزا لەمبوارەدا بۆ ئەوەی بابەتەکانیان دەوڵەمەندتر بکەن و ببێتە هۆی سەرنج راکێشانی رێژەیەکی زۆر لەخوێنەران.

ئاشکرایە بابەتەکانی رۆژنامەگەری کاریگەرییەکی زۆر گەرەتری دەبێت لەسەر خوێنەران ئەگەر وێنەیەکی لەگەڵدا بەکارهێنرا چونکە بەشێوەیکی روونتر و باشتر دەربڕین لەمەبەستی هەواڵەکاندا دەکات یاخود بابەتە رۆژنامەگەرییەکان، هەروەها شێوازی خستنەڕووشیان(٣). نووسینی هەواڵیش لەگەڵ بەکارهێنانی وێنە جگە لەنزیکی و خێرایی وەرگرتنی زانیارییەکان، روونتر و زیاتر دەربڕین لەمەبەستی بابەتەکە دەکات، ئیدراك و ئاگابوونی کەسەکان بۆ هەواڵەکان هەستپێکردن و تێگەیشتنی خوێنەر بۆ بابەتەکە زیاتر دەکات، هەروەها ئەو زانیارییە کە لەلایەن خوێنەرەوە وەردەگیرێت زیاتر بەواقیعەوە ئاوێتە دەبێت(٤). بۆیە نووسین بەهاوکاری وێنە و شێوەکاری (فۆتۆگرافی و دەستی) بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە لەبواری رۆژنامەگەرییدا(٥)، کاریگەرییەکی گەورەتری دەبێ لەسەرنجراکێشانی خەڵك بۆ بابەتەکان.

بەکارهێنانی وێنەکانی رۆژنامەگەری لەرێگای هەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو بۆ بلاْوکردنەوەی هیزێکی گەورە بەرۆژنامەکە دەبەخشێت، بۆ ئاشکراکردنی راستیەکان و روونکردنەوەی سیمای گشتی بابەتەکە، زیاتر لەوەی لەوشەکاندا دەردەکەوێت، چونکە وێنە توانای گواستنەوەی بیروڕا و هەستی دەربڕاوی هەیە(٦). واتە لەپیشە گرنگەکانی وێنەی فۆتۆ گرافی رۆژنامەگەرییدا، گواستنەوەی هەواڵ و زانیایەکان و پیشەی سایکۆلۆژی، وەك توخمێکی تایپۆگرافیای گرنگ دەخرێتە بەرچاو هەروەها بەهایەکی جوانکاری (ئیستەتیکی) بە رۆژنامەکە دەبەخشێت(٧). گرنگی وێنەی رۆژنامەگەری و دروستکردنی حاڵەتی بایەخپێدانی لایەنی خوێنەرەوە بۆ گەیاندنی هەواڵەکە جگە لەدەربڕین لەمەبەست و بابەتی هەواڵەکان، روخسارێکی جوان بەرۆژنامەکە دەبەخشێت،کە بنەمایەکی گرنگی هونەری دەرهێنانی رۆژنامەگەری پێکدەهێنێت(٨). هەروەها بە بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ باس و رووداوەکان دەژمێردرێت و هەندێك بە (ئاوێنەی رووداوەکان)(٩)ی دادەنێن. بەگشتی مەبەست لەوێنەی فۆتۆگرافی (Photographs)(١٠)، رۆژنامەگەری، هەموو وێنەیەکی فۆتۆگرافیانەیە کەلەنێو رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاْودەکرێنەوە، هەروا وێنەکانی دەستیش دەگرێتەوە وەك وێنەی پێکەنین و دەربڕین و روونکردنەوە.

**ب- سەرەتای بەکارهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری:** سەرەتا ئەوجۆرە وێنانە لەنێو رۆژنامەکاندا بەکارنەدەهات، بەڵکو زیاتر بریتیبوون لەوێنەی دەستی لەسەر پاچەدارێکی کوڵراو دروستدەکرا پاشان چاپدەکرا. ئەمشێوازە تاکو سەدەی نۆزدەهەم بەردەوامبوو دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو

دەركەوتنی ڕۆڵی وێنەكان و كاریگەرییان لەسەرنجراكێشانی خوێنەر بۆ بابەتەكە، بووە هۆی پەیدابوونی وێنەی جۆراوجۆ لەنێو ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا و بەشێوەیەكی زۆر فراوان لەنێو لاپەڕەكاندا بڵاوبوویەوە و بەتایبەتی لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا، زیاتر لەنێو ڕۆژنامەی ڕۆژانە و ڕۆژنامەی (تابلۆیید)دا بەكاردەهات، كە نیوەی پانتایی ڕۆژنامەكانیان دەگرتەوە.

بەكارهێنانی ڕەنگیش لەگەڵ دەركەوتن و پێشكەوتنی وێنەكان بووە، كە زیاتر بۆ ڕۆژنامەگەری ئەمریكی دەگەڕێتەوە (ڕۆژنامەگەری زەرد)، ئەمجۆرە ڕۆژنامەیە بۆ یەكەمجار باگراوندێكی زەرد بۆ هەندی وێنەی پێكەنیناوی و گاڵتەئامێز بەشێوەی (كاریكاتێر) بەكارهێنرا، ئەمەش زیاتر لەكۆتایی سەدەی نۆزدەم وسەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە وبوارێكی زۆر فروانی بۆ كردەوە بۆئەوەی وێنە بەهەموو جۆەكانی لەنێو بابەتەكانی ڕۆژنامەگەرییدا دابەشبێتەوە و تێكەڵی ڕەنگەكانیش بێت(١١).

ج- **ڕەنگی وێنەی ڕۆژنامەگەری:** سەبارەت بەرەنگەكانی وێنەی فۆتۆگرافیا ئەمە جیاوازن لەرەنگی چاپ و ڕەنگەكانی دیكەی بەكارهاتوو، چونكە ئەمانە بریتین لەحەفت ڕەنگ: (سور، نارنجی، كەسك، شین، نیلی، وەنەوشەیی، زەرد) سیانی سەرەكین (سور، شین، كەسك)، پێیان دەگوترێت ڕەنگە بەراییەكان (Primary colors)، ئەم سێ ڕەنگە ئەگەر بەرێژەیەكی یەكسان تێكەڵ بكرێن ڕەنگی تەواوكەریان (Complementary colors) لێدروست دەبێت، بەمشێوەیەی خوارەوە :

- ڕەنگی شین + ڕەنگی كەسك = دەبێتە ڕەنگی ئاسمانی
- ڕەنگی كەسك + ڕەنگی سور = دەبێتە ڕەنگی زەرد
- ڕەنگی سور + ڕەنگی شین = دەبێتە ڕەنگی قرمزی


ئەم ڕەنگانە بنەماكانی دامەزراندنی تیوری وێنەی فۆتۆگرافی پێكدەهێنن(١٢)، كە جیاوازن لەرەنگەكانی چاپەمەنی، ئەوانەش بریتین لەسێ ڕەنگی سەرەكی: (سور، زەرد، شین) بەڵام ڕەنگە لاوەكیەكان بریتین لە دوازدە ڕەنگ(١٣).

بەگشتی دوو سیستەمی سەرەكی بۆ بەكارهێنانی ڕەنگ هەیە، ئەویش:


١-سیستەمێك لەسەر بیرۆكەی بەندكردنی ڕەنگ دامەزراوە: وەك سیستەمی (CMYK) ئەم پیتانە كورتكراوەی (cyan, mangenta, yellow and black) ئاسمانی، قرمزی، زەرد و ڕەش، بۆ چاپكردنی ڕەنگ بەكاردێت كە هێزەكەی ٤ بایتە ئەم سیستەمە توانای هەڵگرتنی (٤,٢٩٤,٩٦٧,٢٩٦) ڕەنگ هەیە، ئەم سیستەمە زیاتر لەنێو پرینتەرەكان بەكاردێت، لەحاڵەتێك گەر وێنەیەك لەرەنگەكانی جیاكراوەتەوە بۆ چاپكردنی لەچاپخانەیەكی دەرەوە باشتر وایە ئەم سیستەمە ڕەنگییە (CMYK) بەكاربێت.




٢-سیستەمێك لەسەر بەردانی رەنگ دامەزراوە: وەك سیستەمی (RGB) ئەویش كورتكراوەی سێ رەنگە (red, green and blue) كە بریتییە لە: (سوور، كەسك و شین)، بریتیە لەسیستەمێكی رەنگی سەرەكی لەتەلەفزیۆن و شاشەكانی بەكاردێت، بەهێزی رەنگ لەمجۆرە سیستەمە ٣ بایتە، كە تیایدا (١٦,٧٧٧,٢١٦) رەنگ خەزندەكرێت. ئەم سیستەمە (RGB) لەنێو ئامێرە (فۆتۆ ژمارەییەكان-ئەلیكترۆنیەكان) و شاشەكانی تەلەفزیۆن و ئامێری سڕینەوە رووناكییەكان بەكاردێت.




بەگشتی رەنگە سەرەكییەكان: رەنگ بەگشتی بریتیە لەسێ رەنگی سەرەكی ئەویش: (سوور، شین، زەرد)، ولەتێكەڵكردنی دوو رەنگی سەرەكی رەنگێكی لاوەكی دروستدەبێت، وەك: (برتەقاڵی، وەنەوشەیی، كەسك).




رەنگە لاوەكییەكان: بریتین لەو رەنگانەی لەتێكەڵكردنی دوو رەنگی سەرەكی دەردەكەون، كەبریتین لە سێ رەنگ: (رەنگی پرتەقاڵی، رەنگی وەنەوشە، رەنگی كەسك). هەروەها لەتێكەڵكردنی رەنگێكی سەرەكی و رەنگێكی لاوەكی رەنگێكی ناوەندی دروستدەبێت.




د-سەرچاوەكانی وێنەی رۆژنامەگەری: دەستخستنی ئەمجۆرە وێنانە بۆ بابەتی رۆژنامەگەری لەچەندین سەرچاوە دەستدەكەوێت هەندێكیان ناوخۆیین، واتە لەناوەوەی دەزگا رۆژنامەگەرییەكاندا، لەرێگای كەسی وێنەگر دەگیرێت، یان دەرەكین واتە لەدەرەوەی دەزگاكەی خۆی دەستدەكەوێت لەرێگای پەیوەندیكردن بەئاژانس و دەزگاكانی دیكەی رۆژنامەگەری یان ئەرشیفی تایبەتی خۆی، واتە وێنەكە لەسەرچاوەیەك یان كەسێكی دیكەدا دەستدەكەوێت(١٤). پاشان دوای ئەوەی وێنەی گونجاو لەرێگای نووسەرەكە یان نووسەرەكە هەڵدەبژێردرێت و شوێنی بلاوكردنەوەی لەرۆژنامەكە دەستنیشاندەكرێت، ئەگەر پێویستی بەتێبینییەك هەبێت لەخوارەوەی وێنەكەدا دەنووسرێت بۆ روونكردنەوەی مەبەستی وێنەكە، واتە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەمەبەستی وێنەكە نووسینێك یاخود وتەیەك لەژێر وێنەكە دەنووسرێت بۆ دەربرین لەواتاو ناوەرۆكی وێنەكە، كە پێیدەگوترێت (Picture editor)، بەهەمان واتە بەچەندین وشەو زاراوەی دیكە ناودەبرێت، وەك

(Cutlines-Caption-legend) **یان** (Leader-Underlines-Overlines)(١٥). **ئەمەش چوار جۆری شێوەی سەرەکی هەیە بۆ نووسینی پلار (تەعلیق) یان (وتە ) وتەی وێنەکە:**

**یەکەم:** (**وتەیەك یان تەعلیقێك) تیایدا وێنەی چیرۆکە هەواڵیەکە وەسفدەکات، واتە (ڕووداوەکانی نێو وێنەکە دەخاتەڕوو)، لەم نموونەیە لەخوارەوەی وێنەکە ناوی کەسایەتییەکان لەگەڵ هەواڵەکە خراوەتەڕوو وەك دیارە بەمشێوەیە:**

وێنە ژمارە (١): وتەیەك وەسفی هەواڵەکە دەکات بەپێی سەرچاوە وەرگیراوەکەی




جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی و نوری مالکی Kurdistan TV
لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ئیراق

**دووەم:** (**وتەیەك وەسفی وێنەکە دەکات کە لاپەڕەیەك دەردەچێت و هەواڵ یان بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکەی لەلاپەڕەیەکی تردایە). وەك لەم نموونەیە دیارە، وێنەکە لەلاپەڕەیەك بلاٌوکراوەتەوە و بابەتەکەی لەلاپەڕەیەکی تردایە.**

وێنە ژمارە (٢): وتەیەك ئاماژە بەبابەتی هەواڵەکە دەکات کە لەلاپەڕەیەکی ترە




دەقی وتارەکەی سەرۆکی حکومەت لە لا(٣) بخوێنەوە.

**وەك لەم وێنەیەی خوارەوە ا**

وێنە ژمارە (٣): وتەیەك وەسفێکی گشتییە بۆ وێنەیەکی بێ بابەت



**لەم وێنەیەدا ئۆتۆمبیلێك نیشاندراوە تیایدا جۆری ئۆتۆمبێلە دزراوەکە دەردەکەوێت و لەسەرەوەی وێنەکە پلارێك نوسراوەتەوە تیایدا هاتووە: ((دوای ٣٧ساڵ ئۆتۆمبێلە دزراوەکەی دەدۆزێتەوە)).**

**چوارەم: (وتەیەك وەسفی وێنەیەك دەکات کەراستییەکانی چیرۆکە هەواڵیەکەی بەتەواوەتی تیایدا دەرنەکەوتووە یاخود سەرچاوەکەی دیار نیە)(١٦). وەك لەم وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

وێنە ژمارە (٤): وتەیەك ئاماژە بەسەرچاوەیەك دەکات تەواو نیە.


چاوی کچێکی 16 ساڵی دوو گلێنەی هەیە

زۆرن ئەو شتە ناواز و دەگمەنانەی کە لەسەر رووی زەوی ئەم جیهانەدا بەرچاو دەکەون مرۆڤ سەرسام دەبێ. یەکێک لەو شتە سەرسورهێنەرانە ئەوەیە. گۆڤارێکی رووسی وێنەی چاوێکی دوو گلێنەی کچێکی تەمەن 16 ساڵانی بڵاو کردوتەوە کە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی هەموو بینەران کە رۆژی 2006/7/31 لەو گۆڤارەدا بڵاو کرایەوە و نووسراوە کە ئەو کچە خاوەن دوو گلێنەی چاوە توانایەکی لە رادەبەدەری هەیە لە بینین و دوورترین شت بەو چاوە دەبینێ و هەردوو گلێنەی چاوەکەی توانای بینینیان هەیە و بە یەکێک لە شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان دەژمێردرێت.

فاتیح بەرزنجی

سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت

**لەم وێنەیە کە لەگەڵ هەواڵەکەدا هاتووە، بەناونیشانی: (چاوی کچێکی ١٦ ساڵی دوو گلێنەی هەیە)، باسی ئەوە دەکات کچێك تەمەن ١٦ دوو گلێنەی لەچاوی هەیە، وێنەکەش شێوەو رەنگی گلێنەکانیشی دەخاتەڕوو، بەڵام لەناوەرۆکی بابەتەکە باسی ئەوە دەکات کە هەواڵەکە لەگۆڤارێکی روسی بڵاوکراوەتەوە کەچی لەخوارەوە تەنها سایتی ئینتەرنێت نووسراوە: (سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت) بێ ئەوەی ئاماژە بەسایتەکە بکات.**

**یاخود وێنەیەك بێ بابەت بڵاودەکرێتەوە، واتە تەنها وێنەکە پێشکەشدەکرێت، چونکە وێنەکە خۆی بابەتەکە دیاردەکات خوێنەر سەرپشکە لەخوێندنەوەی وێنەکە، لەمجۆرە وینانە دەنوسرێت (بەبێ توانج)، وەك لەم نموونەیە دەردەکەوێت:**

وێنە ژمارە (٥): وتەیەك ئاماژە بە نەبوونی پلارێك دەکات بۆ وێنەکە.




## دووەم: جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەگەر

**أ- وێنەی فۆتۆگرافی:** **وێنەی فۆتۆگرافی لەرۆژنامەگەرییدا بەپێی چەند شێوازێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە(١٧) کە لەرێگای (هەڵبژاردنی وێنەکە، پانتایی و قەبارەی وێنەکە، پارچەی وێنەکە، شێوەی وێنەکە، چوارچێوەی وێنەکە، ئاخافتنی وێنەکە، کاریگەرییە تایبەتیەکان و لاپەڕەی وێنەکراو)(١٨)، لەنێوان لاپەڕەکان رێکدەخرێت. بۆ پۆلینکردنی وێنەی فۆتۆگرافی رۆژنامەگەرییش کۆمەڵە دابەشکردنێکی جۆراوجۆری بۆکراوە، هەر شارەزاییەك و**

بەشێوەیەك دابەشیکردووە بەپێی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیان خراوەتەڕوو، بەڵام بەگشتی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشدەبێت:

أ/١- لەرووی ناوەرۆك (Content) بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەشدەبێت:

١/١- وێنەی هەواڵەکان (News Pictures)

٢/١- وێنەی بابەتەکان (Feature Pictures)

٣/١- وێنەی هەواڵی مرۆڤایەتی (News Feature Pictures)

٤/١- وێنەی کەسایەتی - پورترێت (Portrait Pictures) کەسی سەرەکی (تەوەری بابەتەکە)

٥/١- وێنەی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی جوانکاری یان دەربڕینی هەمەچەشن بەکاردێت(١٩).

أ/٢ - لەرووی فۆرم (Form) یان شێوەی هونەری بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەشدەبێت:

١/٢- وێنەی تاك (Single).

٢/٢- زنجیرە وێنە (A series).

٣/٢- وێنەی گیراوەکان یەك لەدوایەکەکان (A sequence)(٢٠).

لەڕووی بابەتەوە وێنەکان بەجۆرێکی تر دابەشدەکرێن، کەدوو جۆرە وەك: (١-وێنەی کەسایەتی: بریتییە لەوێنەی کەسایەتی (تەوەری بابەتەکە) کە پەیوەستە بەزیندوویی و جوڵەوەیە، ٢-وێنەی بابەتی: پەیوەستە بەبابەتەکەوە چونکە وردەکاییەکانی دەخاتەڕوو، یان پێش یان لەپاش یان لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو)(٢١).


شێوازەکانی تەکنیك وبڵاوکردنەوەی وێنە بەجۆرێك چیرۆکی وێنە گیراوەکان لەنێو ڕۆژنامەگەریدا زیاتر بەرچاودەکەون، لەرێگای نووسینی جۆرە چیرۆکێك بەبێ ناوەرۆك، بێئەوەی دەقێك لەگەڵی بەکاربێت، واتە نووسینی چیرۆکێك لەرێگای بەکارهێنانی وێنە بەتەنها، بێئەوەی وتەیەك یان پلارێکی نووسەری لەگەڵدا بڵاوبکرێتەوە. چونکە وێنەکە خۆی هەڵگری واتاکەیەتی و مەبەستی سەرەکی دەخاتەڕوو، خوێنەر بەبێ هیچ نوسینەوەیەك یان پلارێك دەگاتە مەبەستەکەی.

هەروەها ڕۆژنامەکان ئێستا زیاتر پشت بەوێنە دەبەستن لەوەی دەق و نووسینەوە، ئەوەش بەهۆی پێشکەوتنی ئاستی تەکنەلوژیاو چاپ و دیزاینی ڕۆژنامەگەری، دەرکەوتنی شێوەو دەروازەی جۆراوجۆر لەتەکنیکی دەرهێنانی ڕۆژنامەکاندا، ئەم هونەرکارییە زیاتر لەنێو ڕۆژنامەگەریدا بەرچاو دەکەوێت(٢٢). وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد وێنەی فۆتۆگرافی بەپێی جۆرەکانی کۆمەڵە شێوەیەکی جیاواز لەخۆدەگرێت و دەربڕین لەبابەتە هەمەرەنگەکان دەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**١- لەرووی ناوەرۆکەوە (بابەت):**

١/١- **وێنەی هەواڵەکان:** ئەو وێنانەن کە لەگەڵ هەواڵەکان بڵاودەکرێنەوە بۆ دەربڕین لەناوەرۆکی هەواڵەکان و لەنێو ڕۆژنامە کوردیەکان بەرێژەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت، کە بەشێوازی چوارگۆشە یان لاکێشە دەردەکەوێت. واتە وێنەکان شێوە ئاساییە تەقلیدیەکە بەکاردەهێنن، هەندێجاریش لەنێو چوارچێوە جۆراوجۆرەکاندا دەخرێنەڕوو، وەك لەم شێوانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

وێنە ژمارە (٦): شێوەکان یان چوارچێوەکانی خستنەڕووی وێنەکان.



بۆنموونە لەبابەتێك بەناونیشانی: (عیراقی فیدراڵ ... بەهۆی چەند تەقینەوەیك ١٧ هاولاّتی بوونە قوربانی و ٦١ی دیکەش بریندار بوون)(٢٣)، وێنەی ئەنجامی تەقینەوەکە بلأوکراوەتەوە.

وێنە ژمارە (٧): وێنەی هەواڵەکان




ئێراقی فیدرال.. بە هۆی چەند تەقینەوەیەک

17 هاووڵاتی بوونە قوربانی و 61ی دیکەش برینداربوون

AFP: سەرچاوە ئەمنی و ئیدارییەکانی ئێراقی فیدرال ڕایانگەیاند: بە هۆی هێرشی تیرۆریستی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراق 17 هاووڵاتی کوژران و 61ی دیکەش برینداربوون. لەو بارەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ئێراقی فیدرال ڕوونی کردەوە، تیرۆریستێک خۆی و ئۆتۆمبێلێکی بە تەقەمەنی چێنراوی لە نزیک کاروانێکی هێزێکی هاوبەشی ئەمریکا و ئێراق لە ناوچەی عەلویە لە بەغدا تەقاندووەتەوە و بە هۆیەوە چوار

13



ئەمریکا

بوش لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوای ڤێرجینیا: (ئەمریکا نابێ دڵی لەدەست بدات)

AFP

2005/7/4

لەنموونەیەکی تردا بابەتێك بەناونیشانی: (حکومەتی فیدراڵ پێشنیاری ئاشتەوایی دەخاتە بەردەم گروپە چەکدارەکان شەڕ و پێکدادان شەقامەکانی بەغدا دەگرێتەوە)(٢٤).

**هەمانشت وێنەی بابەتی هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە:**

وێنە ژمارە (٨): وێنەی هەواڵەکان


مەتی فیدراڵ پێشنیاری ئاشتەوایی دەخاتە بەردەم گرووپە چەکدارەکان
شەڕو پێکدادان شەقامەکانی بەغدا دەگرێتەوە

**٢/١- وێنەی بابەتەکان:** ئەو وێنانەی کەلەگەڵ بابەتەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری بەکاردێن، بۆنموونە لەبابەتێکدا بەناونیشانی: (ڕاگەیاندنی کوشتنی زەرقاوی و کاردانەوەی لەنێوەندی سیاسی عێراق و نێودەوڵەتیدا )(٢٥)، جگە لەوێنەی هەواڵەکە وێنەی (کەسایەتی) کەسە کوژراوەکەش خراوەتەڕوو:

وێنە ژمارە (٩): وێنەی بابەتەکان


کوشتنی زەرقاوی و کاردانەوەی لە نێوەندی سیاسی ئێراق و

**٣/١- وێنەی هەواڵی مرۆڤایەتی:** وێنەی هەواڵی مرۆڤایەتی جۆراوجۆر زۆرن هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە وەك بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی، هونەری. بۆنموونە لەبابەتێکدا بەناونیشانی: (پرۆگرام و شێوازی فێرکردنی زانکۆیی)(٢٦)، وێنەی قوتابیەکانی زانکۆ نیشاندەدات.

وێنە ژمارە (١٠): وێنەی هەواڵی مرۆڤایەتی


گرام و شێوازی فێرکردنی زانکۆیی
ی ئاستی زانستیان لاوازەو قوتابیش نایەوێت شت
ەڵکو مەبەستی تەنیا دەرچوونە!

**٤/١- وێنەی کەسی سەرەکی:** (تەوەری بابەت) پۆرتریت – کەسایەتی: چەندین نموونەی وێنەی کەسایەتی لەنێو رۆژنامە کوردییەکان بەدیدەکرێت کە لەگەڵ بابەتەکە بڵاودەکرێنەوە، بۆنموونە لە بابەتێکدا بەناونیشانی: (٣/١ رۆژی پەیمان تازەکردنەوەیە)(٢٧) وێنەی کەسایەتی بارزانی بڵاوکراوەتەوە.

وێنە ژمارە (١١): وێنەی کەسایەتی/ کەسی سەرەکی- تەوەری بابەتەکە


کۆچکردنت دا
ای خێرم
ی ئەی بارزانی

سیاسی کوردییەوە هەیە و لە نێو حاجیەکاندا، جموجۆڵی گـومـان لێکراوم هەبووە، دواجار پێیان دامەوە. هەردەم وەک ئەرشیـفی هاوڕێکانم بووم، بۆ خـــۆشکردنی مەجلیس و شیعر خوێندنەوە، جـاروبارەیش ســەیران رێکخستن بۆ کێـوەکـانی مـەدینە. ئێـوارەی27ی شـوباتی1979 من و مەلا(عەلی نەبی) کە ئێستا لە مزگەوتی(گریاسی) لە دهۆک پێش نوێژ و وتار خوێنە و(محەمەد سەلیم فەقێ) مزوری، کە لە موسڵەو کاک(تاهیر ئیسماعیل) زاوای مامۆستا مەلا(عەبدولکەریمی مودەریس)کە ئێستا بەرپرسی لقی بەغدای یەکێتی زانایانە و کاک مەلا (سیبغەتوللا) دێلیزیانی، کە ئێستا لە (تورینتۆ)یە، وەک کاری رۆژانەمان، لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر (د.خ) لە دوای نوێژی مەغریب دانیشتبووین، دووستێ کوردمان بینی کاک تاهیر یەکێکیانی ناسی و گوتی: وەڵلا ئەوە فلان کەسە و لە هەولێر دیوەخان ودەرویشیان هەیە لە بەغدا،

٥/١- **وێنەی جۆراوجۆر:** بۆ مەبەستی جوانکاری یان دەربڕینی هەمەچەشن بەکاردێت، بۆنموونە بابەتێك بەناونیشانی: (ئایا پیاو چ کاتێك و بۆچی بیر لەهێنانی ژنی دیکە دەکەنەوە)(٢٨) وێنەی بووک و زاوایەکی لەگەڵ بڵاوکراوەتەوە.

وێنە ژمارە (١٢): وێنەی جۆراوجۆر – هەمەچەشن



## ٢- لەرووی شێوە (فۆرم):


١/٢- **وێنەی تاك:** ئەو وێنانەی لەگەڵ بابەتەکان بڵاودەکرێنەوە، تەنها یەك وێنەیە، جا چ هەواڵی بێ یان بابەتی بێت یان هەمەجۆر بێت، نموونەش زۆرە وەك لەو بابەتە بەناونیشانی: (کەرکوك چەند تەقینەوەیەك ژمارەیەك شەهید و برینداری لێدەکەوێتەوە)(٢٩)، وێنەی تەقینەوەکە نیشاندەدات.

وێنە ژمارە (١٣): لەرووی شێوە/ وێنەی تاك





٢/٢- **زنجیرەی وێنە:** تیایدا کۆمەلە وێنەی جۆراوجۆر بۆ دەربڕینی مەبەستێکی دیارکراو بەکاردێت، بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەکانی رۆژنامە هەندێك جار کۆمەڵە وێنەی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی خستنەڕووی بایەخی کەسایەتیەکی مێژوویی و سەرکردەیەکی گەورە ئەمجۆرە شێوازە بەکارهێناوە(٣٠).

وێنە ژمارە (١٤): لەرووی شێوە/ زنجیرە وێنە


شاخی سەرکەش کە ئێستاش هەر پە
Daily Newspaper
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Su
http://www.xebat.net
E-mail

یان خستنەڕووی چەندین وێنەی جۆراوجۆر بۆ دەربڕین لە یەك بابەت یان لەئاهەنگێكدا یان بۆنەیەكی تایبەت، وەك لەم وێنانە دەردەكەوێت كە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز كۆمەڵە وێنەی جۆراوجۆر بەم بۆنەیەوە لەهەموو شارەكان خراوەتەڕوو(٣١).

وێنە ژمارە (١٥): زنجیرە وێنە / وێنە بەبۆنەی نەورۆز


فۆتۆ هەواڵ


یاخود کۆمەڵە وێنەی هەواڵی جۆراوجۆر لەیەك لاپەڕەدا دەخرێنەڕوو لەجیاتی هەواڵەکە خۆی، کە بەناونیشانی: (وێنە هەواڵ یان فۆتۆ هەواڵ)(٣٢)، دەخرێنەڕوو.

وێنە ژمارە (١٦): زنجیرە وێنە/ وێنە هەواڵ – فۆتۆ هەواڵ




**٣/٢- وێنەی گێراوەکان یەك لەدوایەکەکاندا:** ئەو وێنانەی کە هەموویان دەربڕین لەیەك بابەت دەکەن و یەك لەدواییەکدا دێن، بەڵام هەر وێنەیەك و بەمەبەستێکی جیاواز بەکاردێت. بۆنموونە بابەتێك بەناونیشانی: (بێخاڵی گەشتوگوزاری بۆتە بێخاڵی مەرگ و بێزاری)(٣٣)، تیایدا کۆمەڵە وێنەی یەك لەدوا یەکەدا هاتووەکان دیمەنی شوێنی گەشتوگوزرای (بێخاڵ) بڵاوکراوەنەتەوە کە هەموویان یەك دیمەن و یەك بابەتە بەڵام هەر یەکەیان و بۆ مەبەستێکی جیاواز خراونەتەڕوو.

وێنە ژمارە (١٧): کۆمەڵە وێنە یەك لەدوایەکەکاندا



## ب- وێنەی دەستی :

وێنەی دەستی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەپێش وێنەی فۆتۆگرافی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەگەرییدا دەرکەوتووە(٣٤)، تاکو ئەمرۆش بەفاکتەرێکی گرنگ وسەرەکی رۆژنامەگەری دادەنرێت و لەنێو لاپەڕەکانی رۆژنامەگەریە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردێت(٣٥). بەتایبەتی دوای بلاْوبونەوەی چاپی ئۆفسیت ئەمجۆرە وێنانە زیاتربووە، وەك وێنەی گاڵتەپێکردن (کارتۆن و کاریکاتێر). ئەمجۆرە وێنانە رۆڵێکی گەورە دەبینن لەبواری رەخنەی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا، زیاتر لە وڵاتانی ئەوروپی دەردەکەوێت کە سیستەمی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین پەیڕەودەکەن، ئەمجۆرە وێنانە تیایدا پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات

وێنە ژمارە (١٨): وێنەی دەستی / کاریکاتێر-رەخنەی سیاسی




ئەمجۆرە وێنانەی (رەخنەیی)ش یان بەشێوەی تاك یان بەشێوەی زنجیرە وێنە دەکێشرێن، پێیاندەگوترێت (comic strips). ئەمانەش دوو جۆرن: (یەکەم: شێوەی چیرۆکێکی کۆمیدی یان تراژیدی کە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیەو رووداوو و کەسایەتی و گرێ و چارەسەری هەیە، بەڵام شێوازی دەربڕین بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ وێنەکە دەگەڕێتەوە لەگەڵ وشە بەکارهاتوەکانی ناو وێنەکان، وەك زنجیرە گروپی بەدواداچووی (سیناریۆ) کە بریتیە لەرەسم و وێنە، بەکاردێن. دووەم: چیرۆکین کە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لەقاڵبێکی پێکەنیناوی و کەمکردنەوەدا دەردەکەون، وێنەکێشەکە یان چیرۆکنووسەکە دروستیدەکات، رەخنە لەرەوشی مرۆڤایەتی بەگشتی و هەڵسوکەوتەکان دەگرێت، لەرێگای ناوەڕۆکێکی پەروەردەیی و ئاکاری بۆ خوێنەر پێشکەشدەکرێن)(٣٧). هەروەها جۆرێکیتر لەوێنەکانی دەربڕین لەگەڵ بابەتەکان بلاْودەکرێنەوە لەجیاتی وێنە فۆتۆگرافیەکە وەك ئەڵتەرناتیفێك، بۆ ئامانجی جوانکاری و دەربڕینی جۆراوجۆر بەکاردێن. بۆنموونە ئەو وێنانەی کە لەگەڵ چیرۆك و وتار و ریپۆرتاژی رۆژنامەگەری بلاْودەکرێنەوە، لەگەڵ رەسمی موتیفی جێگیر کە بابەتەکان و پاشکۆ و لاپەڕە تایبەتەکانیان جیادەکەنەوە. هەندێجاریش نموونەی چەند تابلۆیەکی جیهانی و نەتەوەیی یاخود لۆکاڵی لەلاپەڕەی دواییەنی رۆژنامەکە بلاْودەکرێنەوە، وەك ئاماژەکردنێك بەبایەخی تابلۆکە و ئامانجی رێکلامکردن. هەروەها جۆری وێنەی دەستی بۆ روونکردنەوە و بەڵگە و نەخشەی ئاماری و نەخشەی جۆگرافیش دابەشدەکرێت. بۆ نموونە: (فۆتۆ مۆنتاژ – لێکدانی وێنەیەك لەسەر وێنەیەکیتر) یان (ترۆکاژ – لێکدانی وێنە لەسەر رەسم)(٣٨).

## ١- جۆرەکانی وێنەی دەستی:

بەگشتی جۆرەکانی وێنەی دەستی لەڕووی ناوەرۆکەوە بۆ ئەمجۆرانەی خوارەوە دابەشدەکرێن(٣٩):

١/١- وێنەی پێکەنیناوی: کارتۆن و کاریکاتێر

٢/١- وێنەی روونکردنەوە: نەخشەی جوگرافی - وێنەی بەڵگە و داتاکان

٣/١- وێنەی پۆرترێت: وێنەی کەسایەتییەکان

٤/١- وێنەی دەربڕین - موتیف: بابەتی چیرۆکی و قەسیدەی شیعری لەخۆدەگرێت.

نموونە بۆ وێنەی دەستی: وێنەی کارتۆنی بۆ منداڵان کە بەشێوەیەکی گشتی وێنەی جوولەیی (Animation - ئەنیمەیشن-رسوم متحرکە) دەگرێتەوە. وێنەکان بەگشتی لەرۆژنامەی خەبات، بەتایبەتی وێنە گەورەکان بەتەنها لەسەرەوەی لاپەڕەکە دانراون و شێوەی خستنەڕوویان شێوەی تاکییە، کەم وێنەی بەکۆمەڵ یان زنجیرە وێنە بەرچاودەکەوێت، واتە شێوەیەکی کلاسیکی کۆنی پەیڕەوکردووە و هیچ هونەرکاری تیایدا بەکارنەهێنراوە. وێنەی دەستیش بەشێوەیەکی مامناوەندی بەکارهاتووە، زیاتر وێنەی کاریکاتێر و دەربڕین خراونەتەڕوو، بەڵام وێنەی روونکردنەوە کەم بەکارهاتووە. وەك تێبینی دەکرێت وێنەکانی روونکردنەوە لەنێو رۆژنامەی خەباتدا کەمتر بەرچاودەکەوێت.

## ٢- نموونەکانی وێنەی دەستی:

**١/٢- وێنەی پێکەنیناوی (کارتۆن و کاریکاتێر):** ئەمجۆرە وێنانە بەشێوەیەکی زیندوو و کۆمیدیەوە بەجۆراوجۆرەوە لەرۆژنامەکاندا بەرچاودەکەوێت، تیایدا فاکتەری جوانی و کامڵبوونەوە پێی دەبەخشێت(٤٠)، و لەرۆژنامە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی رەخنەیی و ناڕەزایی بڵاودەکرێنەوە، کە بابەتی سیاسی یاخود لایەنی کۆمەڵایەتی لەخۆودەگرێت بۆنموونە لەرۆژنامەی خەبات لەوێنەیەکی کاریکاتێریدا: (عێراقی نوێ)(٤١)، تیایدا مەبەستی نیگەرانی وناحەزانی سەرانی پێشووی بەعس بۆ بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایشی عێراق دەخاتەڕوو، کە مەبەستێکی سیاسی لەدواوەوەیە.

وێنە ژمارە (١٩): وێنەی دەستی/ وێنەی پێکەنیناوی - کاریکاتێر




لەوێنەیەکی تری کاریکاتێریدا بابەتێکی سکاڵای هاوڵاتیەك بەناونیشانی: (داوایەکی بەپەلە بۆ پارێزگای هەولێر)(٤٢)، رەخنە لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەگرێت، ئەویش هەڵگرتنی تفەنگی راوەنان لەلایەن هەندێ کەسانی نابەرپرس و لەناو ماڵانی خەڵکەوە راوی چۆلەکە دەکەن، کە بۆتە مایەی بێزاری و نیگەرانی خەڵکی گەڕەکەکە.

وێنە ژمارە (٢٠): وێنەی دەستی / وێنەی پێکەنیناوی - کاریکاتێر




هەندێجار وێنەی کاریکاتێر بلاودەکاتەوە بۆ مەبەستی پێکەنین. بۆنموونە لەم وێنەیەدا دیاردەکە بەشێوەی پێکەنیناوی خراوەتەڕوو (لۆ ناخۆشە)(٤٣).

وێنە ژمارە (٢١): وێنەی دەستی/وێنەی پێکەنیناوی-کاریکاتیر




**٢/٢- وێنەی روونکردنەوە:** مەبەستی لەو وێنانەیە کە نەخشەی جوگرافی و وێنەی بەڵگە و بەیانات لەخۆدەگرێت، بۆنموونە لەبابەتێکدا بەناونیشانی: (باشترە رێ بەکورد و سوننەو شیعە بدرێت هەرێمی خۆیان لە ٣ هەرێمدا رێکبخەن و ژیانی خۆیان بێ ئەمریکا بەرێوەببەن)(٤٤)، تیایدا وێنەی نەخشەی هەر سێ هەرێمە پێشنیارکراوەکەی عێراق بلاوکراوەتەوە.

وێنە ژمارە (٢٢): وێنەی روونکردنەوە


...تره رێ به کوردو سوننەو شیعه بدرێت هەرێمی فیدراڵی خۆیان له 3 هەرێمدا رێکبخەن

ریچارد پار

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەریتانیا
وەک هێزێکی داگیرکەری چالاک لە ناوچەکەدا
مایەوە.عێراقیش یەکێک لە نمونەکانە مەبەستیشی
تەنها بنیاتنانی حکومەتێکی بێ دەسەلات و
دەرهێنانی رێژەیەکی یەکجار زۆری نەوت بوو لە

**٣/٢- وێنەی پۆرترێت - (کەسایەتی):** مەبەستی لەوێنەی کەسایەتیەکان کە کەسە بەناوبانگەکان یان هونەرمەندان یان سیاسیەتمەدارەکان لەخۆدەگرێتەوە. بۆنموونە لەبابەتێکدا بەناونیشانی: (لەیادی سی و چوار ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی هەمیشە لەیاد (حەسەن زیرەك)(٤٥)، لەگەڵ بابەتەکەدا وێنەی کەسایەتی هونەرمەندەکە بڵاوکراوەتەوە. یاخود وێنەی نووسەرەکە خۆی لەگەڵ بابەتەکەی بڵاودەکرێتەوە.

وێنە ژمارە (٢٣): وێنەی کەسایەتی – پۆرترێت




**٤/٢- وێنەی دەربڕین:** ئەو وێنانەی کە لەگەڵ بابەتی چیرۆکی درێژ و قەسیدەی شیعری بڵاودەکرێنەوە وەك مۆتیڤ، بۆنموونە لەبابەتێکی شیعریدا کە بەناونیشانی: (پایزێك لەناو ئەفیوندا)(٤٦)، وێنەیەك لەگەڵ شیعرەکە بڵاوکراوەتەوە.

وێنە ژمارە (٢٤): وێنەی دەربڕین – موتیف


پایزێک لە ناو ئەفیوندا

محەممەد ڕەنجاو

تێبینی دەکەین کە وێنەکانی ڕۆژنامەگەری جۆراوجۆرن بەڵام لەڕۆژنامەی خەبات زیاتر وێنەی کلاسیکی و پۆرترێت تیایدا خراونەتەڕوو، واتە وێنەی کەسایەتی و شێوەی تاکی لەخۆگرتووە و جۆرەکانی تر کەمتر دەرکەوتوون.

## سێیەم : شێوازەکانی دەرهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری

شێوازگەری لەبواری ڕۆژنامەگەریدا چەمکێکی فراوانتر وەردەگرێت و کۆمەڵە مەبەست و واتای جۆراوجۆری لەخۆدەگرێت، سنووری زمانەکەی بەزاندووە بۆ شێوازی خستنەڕوو و بەکارهێنانی ڕەنگ و توخمە تایپۆگرافییەکان، لەڕێگای بەکارهێنان و دەرهێنانی هەموو ئەو نۆرم و فاکتەرانەی که کۆمەڵە شێوازی هونەری جۆراوجۆری لەخۆدەگرێت، بۆئەوەی گوزارشت لەناوەڕۆکی بابەتەکە بکات وزیاتر جێگەی سەرنجراکێشی خوێنەربێت. لایەنی ئیستەتیکی دەقەکەش زیاتر ڕۆڵی خستنەڕووی سیما و تایبەتمەندییەکانی نووسینی بابەتەکە بەهاوکاری وێنەکان دەبینێت و ڕۆڵی زمان تەنها لەسنوری گەیاندنی بیرەکان ناوەستێت، بەڵکو وەك ئامرازێکی وێناکردن لەناو بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکان کاردەکات و لەڕێگای خستنەڕووی وێنە هونەرییەکانی، بیرۆکەی بابەتەکە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. بەمشێوەیە بەکارهێنانی وێنەکان پەیوەستە بەشێوەی دەرهێنانیەوە کە کۆمەڵە شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

### ١- دەرهێنانی وێنە :

دەرهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری واتە دەستنیشانکردنی شێوە هونەرییەکەی، کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە دەردەکەوێت بەپێی شوێن و شێوازی خستنەڕووی، واتە پێویستە وێنە لەشوێنی شیاوی خۆی دابنرێت ئەویش بەپێی زمانی ئەو ڕۆژنامەیە کە دەردەچێت و بابەتەکان تیایدا بڵاودەکرێنەوە، کە بەگشتی بەپێی زمان دوو جۆرە شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکان هەیە، لەڕاستەوە بۆ چەپ و لەچەپەوە بۆ ڕاست، بۆیە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان کە ڕێنووس و ئەلفابێتی عەرەبی بۆ بابەتەکانیان بەکاردەهێنن لەڕاستەوە بۆ چەپ، شیاوترین و گونجاوترین شوێن بۆ دانانی وێنەکان لای چەپی سەرەوەی ڕۆژنامەکە و هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن ئەم شوێنە باشترین جێگایە بۆ سەرنجراکێشی چاو وتەرکیزکردن لەسەر وێنەکە. دواتر ئامادەکردنی لایەنە هونەرییەکەی وێنەکە، بەدوو ڕێگایەوە ئەنجام دەدرێت: یەکەم شێوە تەقلیدیەکەی: لەمشێوەیەدا دەق بنەمای سەرەکی بابەتی ڕۆژنامەگەری دەبێت، وێنەکەش لەئاستی دووەمدا دێت، تەنها بۆ پشتگیری لەدەقەکەدا بەکاردەهێنرێت(٤٧).

وێنە ژمارە (٢٥): وێنەیەك لەئاستی دووەمدا دێت



دووەم شێوەی نویٚ: لەمجۆرەدا بابەتی رۆژنامەگەری پشت بە وێنەکە دەبەستێت و دەقەکەی لەئاستی دووەمدا دەبێت، و بایەخی پێدەدرێت، واتە وێنەکە بەپێش دەقەکەوە دەکەوێت و بابەتەکە بەتەواوکەری وێنەکە دادەنرێت(٤٨).

دەرهێنانی وێنەییش کە واتای دەستنیشانکردنی شێوە هونەرییەکەی دەگەیەنێت، پەیوەستە بەشێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەکەدا، ئەویش پەیوەندی بەشێوازی دەرهێنان و سیاسەتی رۆژنامەکە و ئاستی دارایی و هونەری و شارەزایی کەسانی نەخشەسازی هەیە.

## ٢- هەنگاوەکانی دەرهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری:

وێنە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ ناوەرۆك و ناونیشانی بابەتەکە زۆرتر لەتوخمەکانیتری تایپۆگرافیا کەواتە کاریگەرییە دەروونییەکەشی بەهەمان هێز و توانا دەبێت. چونکە ئەگەر وا نەبێت بەهای جوانی و پێناسینی خۆی لەدەستدەدات و تەنها بریتی دەبێت لەمەتریاڵێکی رەنگی و هیچی تر بیٚ واتا دەبێت. بۆیە پێویستە وێنە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکە بایەخی پێبدرێت بەپێی شوێن وشێوازی خستنەڕووی یان شێوازی پێشکەشکردنی، ئەمەش بەچەند هەنگاوێك ئەنجامدەدرێت: (سەرەتا هەڵبژاردنی وێنەکە، پاشان دەستنیشانکردنی شوێنەکەی، دواتر دەستنیشان کردنی قەبارە و شێوەکە)(٤٩)، هەروەها ئایا لەسەر یەك ستوون یان نیو ستوون دادەنرێت، ئایا بەشێوەی چوارگۆشە یان بازنەیی یا شێوەیەکیتر دەخرێتەڕوو؟(٥٠)، وەك لەم وێنەیە دەردەکەوێت کە لەسەر یەك ستووندا دانراوە:

وێنە ژمارە (٢٦): وێنەی ستوونی/ لەسەر یەك ستوون دانراوە


شاندی کوردانی رووسیای فیدراڵ سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکات

دوێنێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەلاحەدین مەسعود سالەیی و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و رەمزی شەعبان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازییان لە ئەکادیمیک پرۆفیسۆر شاکرۆی خدز مێژوونووسی ناوداری بۆل13

لەلایەکیتر هەڵبژاردنی وێنەی فۆتۆگرافی باش بەپێی چەند فاکتەرێکی جیاواز ئەنجامدەدرێت وەك (زیندوویەتی، پەیوەندی بە بابەتەکەوە، لەخۆوەوەبوون، لایەنی مرۆڤایەتی، واتاکەی)(٥١). هەندێجار وێنەیەك لەگەڵ هەواڵێك یان بابەتێك بڵاودەکرێتەوە کە هیچ پەیوەندی بەبابەتەکەوە نیە نە لەنزیك و نەلەدوور، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هەڵەیەك لە لێکدان کە وێنەیەك لەجیاتی وێنەیەکیتر دادەنرێت یان دانانی وێنەیەك بەمەبەست و بەئاگابوونی کەسە دەرهێنەرەکە لەجیاتی وێنەیەکیتر یان وێنەیەکی کۆن بەکاردەهێنرێت بەڵام سەرکەوتوو نابێت لەهەڵبژاردنی وێنەکە ودەبێتە هۆی هەڵەیەکی گەورە چونکە وێنەکە دوورە لەبابەتەکە و هیچ پەیوەندی بەبابەتەکەوە نیە ئەویش بۆ نەزانینی و کەمشارەزایی کەسی

وێنە ژمارە (٢٧): وێنەیەك بەشێوەی دیکوبیە

(بەبێ چوارچێوە)




بەرپرس یان دەرهێنەرەکە خۆی دەگەڕێتەوە. هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بابەتەکە(٥٢)، کە پەیوەستە

بە: (شێوەی بڕینی وێنەکە)، ئەویش بەپێی بابەتەکە

وێنەکە دەبڕێت و بەپێی پێویست لایەنە زیادەکانی

لادەبڕێت :

### ٣- شێوەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری:

شێوەی وێنەکە بریتییە لەو شێوە هێلکارییەی کە وێنەکە تیایدا دەردەکەوێت، وەك چوارگۆشەی دوولایەنی (ستونی و ئاسۆیی)، چوارگۆشەی یەکسانی، بازنەیی، هێلکەیی، سێ گۆشەیی، یەك لاتەریب، وێنەی بەتاڵ (دیکوبیە) بەبێ چوارچێوە(٥٣). هەروەها پانتایی و قەبارەی وێنەکەش، ئەمە بەپێی گرنگی بابەتەکە گەورەو بچووکی وێنەکە دەستنیشاندەکرێت. واتە گەورەو بچووکی وێنەکان پەیوەستە بەبابەتەکەوە خۆی و لەنێو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، چونکە هەندێجار وێنەیەك بەقەبارەیەکی زۆر گەورەتر زیاتر لەقەبارەی پێویست لەگەڵ بابەتەکە بڵاودەکرێتەوە کە بابەتەکە لەو ئاستە گرنگییە نیە کە بەم قەبارە گەورەیە وێنەکە لەگەڵی دابنرێت و زەق بکرێت، ئەویش بۆ لاوازی بابەتەکە دەگەڕێتەوە و فاشڵبوونی دەستەی نووسەران کە نەیانتوانیوە ئەم پانتاییە بەبابەتی باش و گرنگ پڕکەنەوە و ناچاردەبن وێنەیەکی لاواز بەقەبارەیەکی گەورەتر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە دابنێن.

چوارچێوەی وێنەکەش پەیوەستە بەسەرنجراکێشانی خوێنەر و جیاکردنەوەی وێنەکە لەگەڵ بابەتەکانی تر یان لەحالەتی ناخۆشی و سەرە پرسەدا بەکاردێت. هەروەها بۆ کاریگەری تایبەتی وێنەکە پێویستە شێوازێکی هونەری بەکاربهێنرێت، لەرێگەی تێکەڵکردنی وێنەکان ودروستکردنی هارمۆنیەتێك لەنێوانیاندا بۆئەوەی بابەتەکە سەرنجراکێشتر دەبێت. پێویستە وێنەکان زۆر جوان و بەکوالیتیەکی باش گیرابن، پاشان دابنرێن لەگەڵ هەواڵەکە یان بابەتەکە، چونکە وێنەی خراپ و لاواز دەبێتە هۆی لاوازی

بابەتەکە، بۆیە باشتر وایە لەکاتی وێنەگرتنی دیمەنەکان یان وێنەی کەسەکان یان ڕووداوەکان بەچەند جارێك دووبارە بکرێتەوە بۆئەوەی کامەیان باشتر وروونتر دەرچووە ئەوە هەڵبژێرێت ودابنرێت لەگەڵ هەواڵەکە یان بابەتەکە. هەروەها وێنە پێویستە ڕەنگاورەنگ بێت کاتی کە لەگەڵ بابەتەکان بڵاودەکرێتەوە چونکە یەکێك لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەرنجراکێشی چاو بۆ وێنەکان ڕەنگەکانیەتی، واتە وێنەکان چەند نویٚ و جوان و ڕەنگاورەنگ بێت زیاتر سەرنجراکێش دەبێت لەوەی وێنەیەکی ڕەش و سپی وکۆن بێت بەتایبەتی لەپاش ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانەی لەبواری کۆمپیوتەر و ئامێری فۆتۆگراف و چاپخانەکان.

لەلایەکی تر ئاخاوتنی وێنەکە، شیکردنەوەیەکی کورتە بۆ وێنەکە کە لەژێرەوەی دەنووسرێتەوە، هەندێجاریش بۆ ناساندنی کەسایەتی وێنەکە یاخود ڕوونکردنەوەی مەبەستی وێنەکە بەکاردێت. چونکە زۆر گرنگە لەکاتی بەکارهێنانی وێنەیەك نووسینێك لەگەڵ وێنەکە هەبێت یان دابنرێت وەك پلارێك بۆ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی مەبەستی وێنە بەکارهاتووەکە وناوەڕۆکی، وەك بڵاوکردنەوەی وێنە چەند کەسایەتییەك یان کۆمەڵە کەسایەتی بەیەکەوە بەبێئەوەی ناویان لەسەر وێنەکە هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی خوێنەر چونکە زۆرجار ئەم کەسایەتییانە نەناسراون، بۆیە پێویستە لەژێر وێنەکان ناوی کەسەکان بنوسرێت یان زۆرجار کۆمەڵە وێنە بۆ هەندیٚ شوێن بڵاودەکرێنەوە کە ئەم شوێنانە نەناسراون لەلای خوێنەر بۆیە باشتر وایە ناوی شوێنەکان بنووسرێت. بۆ لاپەڕەکانی وێنەگیراوەکانیش کە تایبەتە بە بەکارهێنانی وێنەی جۆراوجۆرەکان و لەنێو ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکاندا زیاتر بەکاردێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی فرۆشتنی وێنەی ڕەنگاورەنگ و وێنەی ئافرەتی جوان یان تابلۆیەکی هونەری بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشی بەکاردێت، دەخرێتە نێو بەرگ و لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەگشتی.

## چوارەم : شیکردنەوەی نموونەکان

لەپاش خستنەڕووی جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری و شێوازەکانی دەرهێنانیان لێرەدا بەهێنانەوەی چەند نموونەیەك لەو وێنە ڕۆژنامەگەریانە لەڕۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) کە سامپلی توێژینەوەکەمانە بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە وەرگیراون وبەرێژەیەکی ناوەندی هەژمارکراون و بەسەر هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لەماوەی دوو ساڵە نێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦)دا کە دەکاتە (٧٢٠) ژمارە دەرچووە گشتگیرکراون، بۆ گەیشتن بەرێژەی بەکارهێنانی شێوازە هونەرییەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەری لەرۆژنامەی خەبات کە (٤٨) نموونەمان وەرگرتووە بەمشێوەیەی خوارەوە بووە:

١- شێوازی دەرهێنانی وێنەی ڕۆژنامەگەری لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦)، بەپێی شوێنی دانانەکەی و شێوەی خستنەڕوو بۆ ئامادەکردنی لایەنە هونەرییەکەی بەهەردوو ڕێگاکەوە (شێوە تەقلیدیەکەی و شێوە نوێیەکەی) بەمشێوەی خوارەوە دەرکەوتووە :

**خشتە ژمارە (١) شوێن و شێوەی خستنەڕووی وێنەکان :**

| ژ | شێوەی هونەرییەکەی وێنەی ڕۆژنامەگەری | |
|---|---|---|
| | شێوە هونەرییە تەقلیدیەکەی | شێوە هونەرییە نوێیەکەی |
| ١- | ٧٦٪ | ٢٤٪ |

**لەم خشتەیەدا وەك دیارە شێوەی دانان وخستنەڕووی وێنەکان کە پەیوەستە بە: (هەڵبژاردنی وێنە، دەستنیشانکردنی قەبارەو و شێوە وشوێنەکەی، پانتایی و قەبارەی شوێنی دانانی وێنەکە، گەورەو بچووکی و هێلکاری وێنەکە)، زیاتر شێوە تەقلیدییەکەی بەکارهێنراوە کە بەرێژەی (٧٦٪) دەرچووە، کەچی شێوە هونەرییە نوێیەکەی بەرێژەی (٢٤٪) دەرچووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە وێنەکان بە پلەی دووەمدا دێت بەبەراورد لەگەڵ دەقی بابەتەکە.**

**٢- شێوە هێلکاریەکەی وێنەکان بریتین لەو شێوە هێلکارییانەی کە وێنەکە تیایدا دەردەکەوێت، وەك: (چوارگۆشەی دوولایەنی (ستوونی و ئاسۆیی)، چوارگۆشەی یەکسانی، بازنەیی، هێلکەیی سێگۆشەیی، یەکلاتەریب، وێنەی بەتاڵ (دیکوبیە-بەبێ چوارچێوە)، کە لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بەمشێوەی خوارەوە دەرکەوتووە:**

**خشتە ژمارە (٢) شێوەی هێلکاریەکەی وێنەکان:**

| چوارگۆشە (ستوونی و ئاسۆیی) | چوارگۆشەی یەکسانی | شێوەی بازنەیی | شێوەی هێلکەیی | شێوەی سێگۆشەیی | شێوەی یەك لاتەریب | شێوەی بێ چوارچێوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥٪- ١٠٪ = ٤٥٪ | ٢٠٪ | ٥٪ | ١٥٪ | ٥٪ | ٣٪ | ٧٪ |

**لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە شێوەکانی وێنەی رۆژنامەگەری وەك: (چوارگۆشەی دوولایەنی (ستوونی و ئاسۆیی) چوارگۆشە یەکسانی، بازنەیی، هێلکەیی، سێگۆشەیی، یەکلاتەریب، وێنەی بەتاڵ (دیکوبیە) بەبێ چوارچێوە)، لەرۆژنامەی خەبات زیاتر بەشێوەی (چوارگۆشەی ستوونی و ئاسۆیی) بەکارهێنراوە، کە بەرێژەی (٤٥٪) دەرکەوتووە واتە لەئاستی یەکەمدا دێت، پاشان شێوەی (چوارگۆشەی یەکسان) کەبەرێژەی (٢٠٪) دەرکەوتووە لەئاستی دووەمدا هاتووە. شێوەکانی تریش کەمتر دەرکەوتوون.**

**٢- لاپەڕەی رەنگاورەنگ کەتایبەتە بە بەکارهێنانی وێنەی جۆراوجۆر و سەرنجراکێش وبابەتی رێکلام کە زیاتر کاری هونەری تێادا دەردەکەوێت بۆ زیادکردنی رێژەی فرۆشتنی رۆژنامەکە وێنەی رەنگاورەنگ و سەرنجراکێش تیایدا بەکاردێت، لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) رەنگی وێنەکان لەم دوولاپەڕەی یەکەم و دواییندا بەمشێوەیە دەرکەوتووە:**

**خشتە ژمارە (٣) رەنگی وێنەکان :**

| ز | رەنگی وێنەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | وێنەی فۆتۆگرافی | | وێنەی دەستی | |
| | رەنگکراو | رەش و سپی | رەنگکراو | رەش و سپی |
| -١ | ٪٢٩ | ٪٤٧ | ٪٨ | ٪١٦ |

**لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە وێنەکان زیاتر بەرەشوسپییەوە خراوەتەڕوو، کە بەهەردوو وێنەی فۆتۆگرافیا و وێنەی دەستی بەرێژەی (٤٧+١٦=٦٣٪) دەرکەوتووە، بەڵام وێنەی فۆتۆگرافیا زیاتر بەکارهێنراوە لەوەی وێنەی دەستی بێت کە بەهەردوو رەنگەکەیەوە رەنگکراو و رەشوسپی (٤٧+٢٩=٧٦٪) دەرکەوتووە بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی دەستی (١٦+٨= ٢٤٪) کەمتر دەرچووە.**

**٤- بەکارهێنانی وێنە بەشێوەیەکی گونجاو وشوێنێکی گونجاو بۆ دروستکردنی هارمۆنیەتێك لەگەڵ بابەتەکان وتوخمە تایپۆگرافیاکانی تری رۆژنامەگەری لەرێگەی تێکەڵکردنی وێنەکان لەنێوانیاندا بۆ زیاتر سەرنجراکێشی، لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بەمشێوەیە دەرکەوتووە:**

**خشتە ژمارە (٤) گونجان و هارمۆنیەت بەکارهێنانی وێنەکان:**

| ز | پەیوەندی وێنە لەگەڵ بابەتەکانی تری رۆژنامەگەری | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | گونجاوی شوێن | دروستکردنی هارمۆنیەت | سەرنجراکێشی |
| -١ | ٪٥١ | ٪٢٧ | ٪٢٢ |

**لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت وێنەکان بۆ دروستکردنی هارمۆنیەتێکی گونجاو لەرێگەی تێکەڵکردنی وێنەکان ودروستکردنی گونجانێك لەنێوان وێنە و بابەتەکاندا، زیاتر شوێنی گونجاویان بۆ بەکارهێناوە کە لە (٥١٪)ە بەرێژەیەکی بەرزتر لەوەی دروستکردنی هارمۆنیەت و سەرنجراکێشی وێنەکان وەك لەسەرەوە رێژەکانیان دیارە (٢٧-٢٢)٪ دەرکەوتووە.**

**٥- ئاخاوتن (زمانی وێنە) کەبریتیە لەشیکردنەوەیەکی کورتەوە بۆ وێنەکە و روونکردنەوەی مەبەستی بەکارهێنانی وێنەکە لەگەڵ بابەتە رۆژنامەگەرییەکە لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بەمشێوەی خوارەوە دەرکەوتووە:**

**خشتە ژمارە (٥) زمانی وێنە (ئاخاوتن):**

| ز | زمانی وێنە | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | نووسینی کۆمێنت لەژێر وێنەکان | نووسینی کۆمێنت بۆ وێنە لە لاپەڕەیەکی ترەوە | خستنەڕووی وێنەکان بەبێ کۆمێنت |
| -١ | ٪٢٠ | ٪١٥ | ٪٦٥ |

لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە وێنەکان زیاتر بەبێ کۆمێنت خراونەتەڕوو کەبەرێژەی (٦٥٪) دەرچووە لەوەی نووسینی کۆمێنتەکان بۆ وێنەکان بەگشتی کە بەرێژەی (٢٠+١٥=٣٥٪) کەمتر دەرچووە. واتە زمانی وێنە یاخود ئاخاوتنی وێنەکان لەنێو رۆژنامەکەدا کە لەرێگەی نووسینی (وتەیەك یان پلارێك) لەژێر وێنەکان بۆئەوەی شیکردنەوەیەکی کورت بۆ وێنەکە بخرێتەڕوو، زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر لەبابەت و هەواڵەکاندا لەئاستی پێویستدا نەبووە و بایەخی پێنەدراوە.

٦- بەگشتی لەپاش کۆکردنەوەی ئەنجامەکانی ئەم خشتانەی سەرەوە، شێوازە هونەرییەکانی وێنەی رۆژنامەگەری لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦)، بەمشێوەی خوارەوە دەرکەوتووە:

خشتە ژمارە (٦) شێوازە هونەرییەکانی وێنە:

| دەرهێنانە هونەرییەکەی (تەقلیدی – نوێ) | شێوەی هێلکارییەکەی وێنە | ئاخاوتن و نووسینی کۆمێنت | بەکارهێنانی رەنگ لەنێو وێنەکان | دروستکردنی هارمۆنیەت و گونجان |
|---|---|---|---|---|
| ٤٥٪ | ٣٠٪ | ٩٪ | ١٥٪ | ١٪ |

لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە شێوازەکانی دەرهێنانی وێنەی رۆژنامەگەریی بەگشتی کە زیاتر ئەم بنەمایانە لەخۆدەگرێت (دەرهێنانی هونەری، شێوەی هێلکاریی، زمان، رەنگ، هارمۆنیەت) لەرۆژنامەی خەبات وەك پێویست نەبووە و بەکەمی پەیڕەوکراون کە هەرەیکەیان بەرێژەیەکی کەم دەرکەوتوون وەك لەخشتەکە دیارن: (دەرهێنانی هونەری=٤٥٪، شێوەی هێلکاریی=٣٠٪، زمان=٩٪، رەنگ=١٥٪، هارمۆنیەت=١٪).

## ئەنجامەکان:

١- شێوازی وێنە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو شێوەی خستنەڕووی پەیوەستە بەهونەر دەرهێنانەکەی، لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) وێنەکان لەئاستی دووەمدا هاتووە واتە زیاتر بایەخ بە دەق دراوە لەوەی وێنەکان، بۆیە کاری دەرهێنانی هونەریی بۆ وێنەکان لاوازە یاخود کەمتر پەیڕەوکراوە.

٢- وێنەی رۆژنامەگەری جۆراوجۆرن وەك: (وێنەی هەواڵەکان، بابەتەکان، مرۆڤایەتی، کەسایەتی) لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) زیاتر وێنەی کلاسیکی و پۆرتریێت تیایدا دەرکەوتوون، کە وێنەی کەسایەتی و شێوەی تاك لەخۆگۆتووە و جۆرەکانی تر کەمتر دەرکەوتوون. واتە رۆژنامەکە تەنها بایەخ بەوێنەی کەسەکانی داوە لەوەی وێنەی بابەت و هەواڵە رەنگا و رەنگەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی رۆژنامەکە لەحەزەکانی خوێنەر بەگشتی.

٣- شێوە هێلکاریەکەی وێنەکان ئەو شێوانەی کە وێنەکان تیایدا دەردەکەون، لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) زیاتر شێوەی چوارگۆشەی ستوونی و چوارگۆشەی یەکسانی دەرکەوتووە، شێوەکانیتر کەمتر دەرکەوتوون. ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی هونەرکاری لەنێو وێنەکانی رۆژنامەکە و دواکەوتنی رۆژنامەکە لەکاری هونەری.

٤- بەکارهێنانی وێنەی رەنگاورەنگ و سەرنجراکێش لەنێو لاپەڕەی رۆژنامەکان بۆ زیاتر سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکە، لەلاپەڕەکانی رۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) کەمتر پەیڕەوکراوە و تەنها لەدوو لاپەڕەی دواییني رۆژنامەکە بەدیدەکرێت، واتە بەزۆری وێنەکان بەرەش و سپیەوە خراونەتەڕوو.

٥- دروستکردنی هارمۆنیەتی وێنەکان لەگەڵ بابەت و توخمە تایپۆگرافیاکانی تری رۆژنامەگەری بۆ زیاتر سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکە لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) کەمتر بەدیدەکرێت زیاتر هەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو پەیڕەوکراوە لەوەی دروستکردنی هارمۆنیەت و سەرنجراکێشی، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی رۆژنامەکە.

٦- شێوازی ئاخاوتنی وێنەکان لەگەڵ خوێنەر بەهۆی زمانە بەکارهێنراوەکەی لەرێگەی نووسینی (وتەیەك یان پلارێك) لەژێر وێنەکان لەرۆژنامەی خەبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦) زۆر بەکەمی پەیڕەوکراوە، واتە خستنەڕووی وێنەکان زیاتر بێ کۆمێنت بووە.

٧- شێوازە هونەرییەکانی وێنەی رۆژنامەگەری لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بەگشتی زیاتر لایەنی هونەری شێوەی تەقلیدییەکەی بەکارهێنراوە وشێوەی هیلکارییەکەی لەئاستی دووەمدا دێت بەبەراورد لەگەڵ زمان و رەنگی وێنەکان و دروستکردنی هارمۆنیەت کە زۆر بەکەمی پەیڕەوکراون.

## راسپاردە

بۆئەوەی وێنەکانی رۆژنامەگەری بەشێوەیەکی گونجاوتر و نوێتر لەنێو رۆژنامە کوردییەکاندا بەکاربهێنرێت ورۆڵی کارا تیایدا دەرکەوێت توێژەر چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو بەهیوای بەهەند وەرگرتن و کارپێکردنیان :

١- گرنگیدانی زیاتر بەوێنەی رۆژنامەگەری ورەچاوکردنی شوێن و قەبارەی گونجاو بۆ بەکارهێنانی.

٢- رەچاوکردنی رەهەند و لایەنە هونەریەکانی وێنەکان وشێوازی خستنەڕوویان بۆ زیاتر کاریگەری لەسەر خوێنەر.

٣- گۆڤارە کوردییەکان چاو لەستایڵە پێشکەوتووەکانی شێوازی بەکارهێنانی وێنەی رۆژنامەگەری لەوڵاتە پێشکەوتووەکان بکات بۆئەوەی زیاتر ببێتە جێگە سەرنجڕاکێشان و بایەخپێدانی خوێنەرانی کورد.

٤- بەکارهێنانی وێنەی رنگاورەنگ لەنێو گشت لاپەڕەکانی رۆژنامەکە بەپێی پێویست.

٥- گرنگی دان بەزمانی وێنەکان ونوسینی کۆمێنت وپلاری پێویست بۆ وێنەکان.

٦- بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا سوود لەگشت پرۆگرامە تازەکانی کۆمپیوتەر بۆ کاری دیزاین و دەرهێنانی وێنەکان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان.

٧- بایەخ بەوێنەی رۆژنامەگەری لەئاستی یەکەمدا بدرێت زیاتر لەبابەتەکە خۆی چونکە وێنە یەکەمجار سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەکە رادەکێشێت.

# اساليب الصورة في صحيفة خبات (٢٠٠٥-٢٠٠٦)

## بحث تحليلي وصفي للصورة الصحفية من حيث اللغة و طريقة العرض

## ملخص

تنظر للصورة الصحفية باهمية كبيرة بمعزل عن الفروع الاخرى للصورة بشكل عام، خاصة بعد التطور الهائل الحاصل في التكنلوجيا و عصر المعلومات السريعة ومجال الصحافة، حيث ظهرت الصورة الصحفية باشكال متعددة منها: (الصورة الموثقة، الصورة الاجتماعية، صورة الشارع و صور المناسبات)، وقد احتلت مساحات واسعة على صفحات الجرائد والمجلات بأمكانية عالية. كما ان المادة الصحفية تعتبر مادة ناقصة و غير كاملة اذا لم تنشر معها صورة تعطي توضيحا اكثر للموضوع الصحفي، و ذلك لانها تساعد على التعبير عن حقيقة و واقع الحدث المنشور وتكون مصدرا لفهم القارئ والتعرف اكثر على ماهية المضمون الخبري. لذلك فان استعمال الصورة ضرورة ملحة و مطلوبة في العمل الصحفي والتي بدورها مرتبطة بعدة عوامل واساليب متنوعة تتحكم في طريقة عرضها و شكلها، حسب مضمون المادة و اهميتها مقارنة بالمواضيع الاخرى بالنسبة للمتلقي، هذه الاساليب المتبعة في استعمال الصورة الصحفية وطريقة عرضها مرتبطة بشكل و طرق اخراجها والتفنن في عرضها ومدى تاثيرها على القارئ. بذلك يتحدث البحث عن اهم الاساليب المتبعة في استعمال الصورة الصحفية وطريقة اخراجها من حيث الشكل والمضمون، بداية يتحدث البحث عن مفهوم الصورة وكيفية تعريفها ومن ثم تعرض اهم انواعها، ثم يأتي بأهم اساليب الاخراج الفني للصورة الصحفية وطريقة عرضها، ختاما يعرض البحث بعض النماذج المتبعة للصورة المعروضة في صحيفة خبات لفترة مابين (٢٠٠٥-٢٠٠٦) مع تحليلها. ينتهي البحث بأهم النتائج التي توصل اليها الباحث وقائمة بالمصادر المستخدمة.

## Photos Styles in the xabat newspaper (٢٠٠٥-٢٠٠٦)

### Analytical and descriptive search of image in terms of language and the view


### Abstract

Consider the image journalist of great importance in isolation from other branches of the image in general, especially after the tremendous development in technology and the information age rapidly in the field of journalism, where she appeared Press Photo in multiple formats including: (photo documented, social image, image of the street and photos of the events), has occupied large tracts on the pages of newspapers and magazines with high capacity. As the article press is material missing and incomplete if it did not publish a picture with them where explain more of the subject journalist, and so it helps to express the fact and realistic event publication and be a source of understanding of the reader and learn more about what content Bri. Therefore, the use is an urgent need and are required in the journalistic work, which in turn linked to a number of factors and a variety of methods control the presentation and form, by content of the article and its importance to the recipients compared to other topics, these methods followed in the use of image and presentation linked and methods of taking them out and sophistication in the view, and the extent of its impact on the reader. Thus speaks Find the most important methods used in the use of Press Photo and method of taking them out in terms of form and content, start talking Find the concept of the picture and how to define and then displays the most important kinds, and then comes the most important methods of Artistic Direction of the image press releases and presentation, closing displays search some of the models used for image displayed in the newspaper hid for a period of between (٢٠٠٥-٢٠٠٦) with the analysis. Search ends of the most important findings of the researcher and a list of sources used.

## پەراوێزەکان:

١- فن الاخراج الصحفى، م. نورالدين النادي، ٢٠٠٦، ص٧٩-٩٥.
٢- الصورة الصحفية دراسة فنية، د.محمود علم الدين، ص٦٣.
٣- فن الاخراج الصحفى، م. نورالدين النادي - رستم ابو رستم، ٢٠٠٤، ص٦٣.
٤- تأثيرات الصورة الصحفية النظرية والطبيق، د.محمد عبدالحميد، د. السيد بهنسى، ط١، القاهرة - ٢٠٠٤، ص١٧.
٥- الكتابة الاعلامية - المبادئ والاصول، د.نسيم الخورى، ص١١٩.
٦- سەرچاوەی پێشوو: الكتابة لاعلامية، د.نسيم الخوري، ص١٢١.
٧- الصورة الصحفية دراسة فنية، د.محمود علم الدين، ص٢٠-٢٢.
٨- تصميم واخراج الصحف والمجلات والاعلانات، انتصار رسمى موسى، ص٢٧.
٩- ژانرەكانی رۆژنامەوانی، د. مغديد سەپان، ل١٠.
١٠- وشەی فۆتۆگراف (Photographs) وشەیەكی یۆنانی كۆنە بەمەبەستی (نووسین بەرۆناكی) دێت. بروانە: الاخراج الصحفى، م. نورالدين النادي-رستم ابو رستم، ٢٠٠٤، ص٦٤.
١١- الفن الصحفي، د.محمود علم الدين، ص٢٠٧. مدخل الى الاخراج الصحفي، د.سعيد الغريب النجار، ص١٤٧-١٥٢.
١٢- التصوير الملون، عبدالفتاح رياض، ط: ، القاهرة -١٩٦٥.
١٣- الصورة الصحفية دراسة فنية، د. محمود علم الدين، ص٥٧.
١٤- سەرچاوەی پێشوو: ص٣٢-٣٦.
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ص٧١
١٦- هەمان سەرچاوە: ص٧٢.
١٧- الفن الصحفي، د.محمود علم الدين، ص٢٠٧-٢٠٨.
١٨- مدخل الى الاخراج الصحفي، د.سعيد الغريب النجار، ص١٥٣-٢٠٦. اخراج الصحف والمجلات، د.تسير ابو عرجة، ص٧٥.
١٩- الصورة الصحفية دراسة فنية، د.محمود علم الدين، ص٢٧-٢٨.
٢٠- سەرچاوەی پێشوو: ص٢٦-٢٧.
٢١- فن الاخراج الصحفي، م. نورالدين النادي -رستم ابو رستم، ٢٠٠٤، ص٦٧.
٢٢- الكتابة الاعلامية -المبادئ والاصول، د.نسيم الخوري، ص١٣٠.
٢٣- ر: خەبات، ژ(٢١٧٨)، یەك شەممە (٢٠٠٦/٦/١٨)، ل١.
٢٤- ر: خەبات، ژ(٢١٨٤)، شەممە (٢٠٠٦/٦/٢٤)، ل١.
٢٥- ر: خەبات، ژ(٢١٦٩)، هەینی (٢٠٠٦/٦/٩)، ل٢.
٢٦- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٦)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٨/١٥)، ل١٠.

٢٧- ر: خەبات، ژ(١٧٢٣)، سێ شەممە (٢٠٠٥/٣/١)، ل٨.

٢٨- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٨)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٨/١٧)، ل١٠.

٢٩- ر: خەبات، ژ(٢٢٤٩)، دوو شەممە (٢٠٠٦/٨/٢٨)، ل١.

٣٠- ر: خەبات، ژ(١٧٢٣)، سێ شەممە (٢٠٠٥/٣/١)، ل١٢.

٣١- ر: خەبات، ژ(٢٠٩٢)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٣/٢١)، ل٢.

٣٢- ر: خەبات، ژ(٢١٨١)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٦/٢١)، ل٢.

٣٣- ر: خەبات، ژ(٢١٦٤)، يەك شەممە (٢٠٠٦/٦/٤)، ل٧.

٣٤- الفن الصحفي، د.محمود علم الدين، ص ٢٠٨-٢١٠.

٣٥- طباعة الصحف و اخراجها، احمد حسين الصاوي، ص٢٠٧. اخراج الصحف والمجلات، د.تيسير ابو عرجة، ص٨٥.

٣٦- اخراج الصحف والمجلات، د.تيسير ابو عرجة، ص٨٥.

٣٧- تكنولوجيا النشر الصحفي، شريف درويش اللبان، القاهرة -٢٠٠٧، ص٦٢.

٣٨- مدخل الى الاخراج، د. سعيد الغريب النجار، ص٢٠٨-٢٢٧.

٣٩- فن الاخراج الصحفي، م. نورالدين النادي -رستم ابو رستم ٢٠٠٤، ص٧٥-٧٩

٤٠- فن الكاريكاتير فى الصحافة الدورية، د. ممدوح حمادة، دمشق -٢٠٠٠، ص٣٢.

٤١- ر: خەبات، ژ(١٧٢٣)، سێ شەممە (٢٠٠٥/٣/١)، ل٧.

٤٢- ر: خەبات، ژ(١٧٢٥)، پێنج شەممە (٢٠٠٥/٣/٣)، ل٥

٤٣- ر: خەبات، ژ(١٧٥٣)، دوو شەممە (٢٠٠٥/٤/٤)، ل٥.

٤٤- ر: خەبات، ژ(٢١٦٦)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٦/٦)، ل٣.

٤٥- ر: خەبات، ژ(٢١٨٦)، دوو شەممە (٢٠٠٦/٦/٢٦)، ل٨.

٤٦- ر: خەبات، ژ(٢٢٢٤)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٨/٣)، ل٨.

٤٧- الكتاب الاعلامية - المبادئ والاصول، د.نسيم الخورى،

٤٨- سەرچاوەی پێشوو: ل١٢٤.

٤٩- الصورة الصحفية دراسة فنية، د. محمود علم الدين، ص٨٤-٨٦.

٥٠- اخراج الصحف و المجلات، د. تيسير ابو عرجة، ص٧٩.

٥١- فن الاخراج الصحفى، م. نورالدين النادي - رستم ابو رستم، ٢٠٠٤، ص٦٦.

٥٢- سەرچاوەی پێشوو: ص٦٨-٧٤.

٥٣- الصورة الصحفية دراسة فنية، د. محمود علم الدين، ص٨٨-٨٩.

## سەرچاوەکان:


١- احمد حسين الصاوى، طباعة الصحف واخراجها، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة-١٩٨٥.

٢- انتصار رسمى موسى، تصميم واخراج الصحف والمجلات والاعلانات الالكترونية، ط:١، دار الوائل، عمان-٢٠٠٤.

٣- تيسير ابو عرجة (دكتور)، اخراج الصحف والمجلات، ط١، دار القلم، دبي-١٩٨٦.

٤- سعيد غريب النجار (دكتور)، مدخل الى الاخراج الصحفى، ط:١، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة-٢٠٠١.

٥- شريف درويش اللبان (دكتور)، تكنولوجيا النشر الصحفى، ط:١، المصرية اللبنانية، القاهرة -٢٠٠٧.

٦- عبدالفتاح رياض: التصوير ملون، ط:١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة-١٩٦٥.

٧- محمد عبد الحميد (دكتور)-السيد بهنسي (دكتور): تأثيرات الصورة الصحفية (النظرية والتطبيق)، ط:١، القاهرة-٢٠٠٤.

٨- محمود علم الدين (دكتور):- الصورة الصحفية دراسة فنية، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة.

- الفن الصحفى، من مطبوعات اخبار اليوم، مصر -٢٠٠٤.

٩- ممدوح حمادة (دكتور): فن الكاريكاتير في الصحافة الدورية، دمشق--٢٠٠٠.

١٠- م. نورالدين النادى-رستم ابو رستم: فن الاخراج الصحفي، ط:١، المركز العربى، عمان-٢٠٠٤.

١١- م. نورالدين النادى: فن الاخراج الصحفي، ط:٢، المركز العربى للنشر والتوزيع، عمان-٢٠٠٦.

١٢- مەغديد سەپان (دكتور)، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠)، کۆری زانیاری کوردستان، چخ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر-٢٠٠٥.

١٣- نسيم الخوري (دكتور): الكتابه الاعلامية- المبادئ والاصول، ط:١، دار المنهل اللبناني، بيروت-٢٠٠٩.

١٤- ر: خەبات، ژ(١٧٢٥)، پێنج شەممە (٢٠٠٥/٣/٣).

١٥- ر: خەبات، ژ(١٧٢٥)، پێنج شەممە (٢٠٠٥/٣/٣).

١٦- ر: خەبات، ژ(١٧٥٣)، دوو شەممە (٢٠٠٥/٤/٤).

١٧- ر: خەبات، ژ(٢٠٩٢)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٣/٢١).

١٨- ر: خەبات، ژ(٢١٦٤)، یەك شەممە (٢٠٠٦/٦/٤).

١٩- ر: خەبات، ژ(٢١٦٦)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٦/٦).

٢٠- ر: خەبات، ژ(٢١٦٩)، هەینی (٢٠٠٦/٦/٩).

٢١- ر: خەبات، ژ(٢١٧٨)، یەك شەممە (٢٠٠٦/٦/١٨).

٢٢- ر: خەبات، ژ(٢١٨١)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٦/٢١).

٢٣- ر: خەبات، ژ(٢١٨٤)، شەممە (٢٠٠٦/٦/٢٤).

٢٤- ر: خەبات، ژ(٢١٨٦)، دوو شەممە (٢٠٠٦/٦/٢٦).

٢٥- ر: خەبات، ژ(٢٢٢٤)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٨/٣).

٢٦- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٦)، سێ شەممە (٢٠٠٦/٨/١٥).

٢٧- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٨)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٨/١٧).

٢٨- ر: خەبات، ژ(٢٢٤٩)، دوو شەممە (٢٠٠٦/٨/٢٨).